# عەبدولغەنی عەلی یەحیا و بازنەی پیرۆزی بەعس

ئەمجەد شاکەلی

لە ژمارە 133ی 1-10-2002ی، نیومانگنامەی "میدیا" دا و لە رووپەلی 12 و 11دا و لەژێر سەردێری"ڕووبەڕوو لەگەڵ ڕۆشنبیراندا"، دیدارێک لەگەڵ مامۆستا "عەبدولغەنی عەلی یەحیا"دا ساز کراوە. لەوێدا مامۆستا یەحیا باسی هەندەک ئەزموون و کاری ڕۆژنامەوانی خۆی دەکات. پاشان لە وەرامی یەک دوو پرسیاردا، هەندەک ڕا و بۆچوون دەردەبڕێ، کە بەلای منەوە جێی سەرنج و تێڕوانینە، ئەو ڕا و بۆچوونانەش ئەوانەی مامۆستا یەحیایە، لەمەڕ چۆنیەتی باسکردن و ناوهێنانی، سەددام حوسەین، لە ڕاگەیاندنی کوردیدا. مامۆستا یەحیا دەڵێ:" ئێمە لە ئێزگەیەکی ئەوروپی کار دەکەین و موتەئەسیربووینە بە ئەخلاق و شێوەی ئەوان، بۆ نموونە ئێمە نالێین (الدکتاتور) و (المجرم) ئەوەم لەگەڵ ئێوەش باسکردووە کە وا نەنووسن. ئێمە نالێین (النظام العراقي) خۆی عێراق حکومەتە، ئەوجا حکومەتەکە دیکتاتۆرییە، فاشییە یان ڕەفتار فاشییە ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بە نیسبەت سەددام حوسێنیش تا ئێستا بە ڕەسمی ئەو سەرۆکی عێراقە. بە گوێرەی موتابەعەی خۆشم بۆ ڕۆژنامەگەری ڕۆژاوایی دەبینم موهاتەراتی تێدا نییە، ئەو موزایەدەی تێدا نییە کە بڵێی (الدکتاتور المجرم) بتەوێ و نەتەوێ ئەو سەرۆک کۆماری عێراقە،

نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەروا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. حەز دەکەم ڕۆژنامەنووسەکانی دیکەشمان واز لەوە بێنن کە بڵێن (الدکتاتور صدام، النظام العراقي) . بە ڕای من دەبێ ئێمە ئەدەبێکی سیاسی بەرزمان هەبێ، بۆ نموونە دەبێ بڵێین (صدام حسین رئیس الجمهوریة العراقیة) ئینجا بۆت هەیە بڵێیت (متهم بجرائم الانفال والابادة الجماعیة) مافی ئەوەت هەیە. بەڵام ئەو کابرایە سەرۆکی عێراقە و دەبێ لە ئەدەبێکی بەرزەوە باسی بکەین، چونکە دارودەستەی سەددام هەمووی فاشییە خۆ تەنیا ئەو تاوانبار نییە. بەو شێوەیەش بێ نابێ بە وەزیرەکانیشی بڵێین وەزیر. . هتد". من دەمەوێ لە چەند خاڵێکدا، چەند وردە شتێک بۆ مامۆستا یەحیا ڕوون بکەمەوە:

1. مامۆستا یەحیا، کە بۆ خۆی پەیامنێری "ڕادیۆی عێراقی ئازاد"ە، کە لە پراگی پێتەختی چیکەوە پەخش دەکات، پێی وایە ئەوروپاییەکان زۆر بە "ئەخلاق"-دیارە ئەخلاق بە تێگەیشتنێکی ڕۆژهەلاتییانە-ن و زۆر سەلارن و ئەوان وەک ئێمەی ڕۆژهەلاتی دەمپیس نین. پێشەکی حەز دەکەم مامۆستا یەحیا لەوە ئاگادار بکەمەوە، کە ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین ئەخلاق، لە فەرهەنگیی ئەوروپاییدا نییە. مەبەستم لە فەرهەنگ هەم بە واتا گشتییەکەی و هەمیش بە واتا قامووسییەکەیەتی. ئەوروپایی کە کەسێک وەبەر نەفرەت و تووڕەبوونیان بکەوێت، ئیدی دەست و زار و هیچ شتێکی لێ ناپارێزن و بە هەموو شێوەیەک دایدەکوتنەوە. ئەوروپایی نەک هەر باسی سەددام و مەددام و ئەوانە بە ناو و ناتۆرەوە دەکەن، بەڵکە باسی پیرۆزترین کەسانی ڕۆژهەلاتی-بەتایبەت- ئیسلامی، بە دزێو و ناحەز و خراپ و هەموو جۆرە ناپەسەندییەک دەکەن. ئەوان شۆخی و لاقرتێ بە ئایینی ئیسلام، پەیامبەری ئیسلام، قورئانی ئیسلام، فەرهەنگی ئیسلام و. . . دەکەن. زۆرجاران باسی کەسایەتی، دیاردە و هێما فەرهەنگییەکانی خۆیشیان بە گاڵتەوە دەکەن. لە سوێد پێشانگەیەکی هونەری کرا، هونەرمەندەکە عیسای مەسیح وەک هاوجنسباز (هۆمۆسێکسوێل) نیشان دەدات. سەرۆک وەزیرانی سوێد، دوای ئوولۆف پالمێ، ئینگڤار کارڵسسۆن، لەبەر ئەوەی دەموچاوێکی درێژی هەبوو، لە میدیای خۆیاندا وەک تاکەکەوش پیشان دەدرا و ژێر کەوشەکە دووچاوی بە چاویلکە، کەپوویەکی درێژ و دەمێکی بۆ دەکرا. زۆرجاران ئەو دەسەلاتدارانە دەکرێنە بەراز، سەگ، کەر، ڕێوی و. . . زۆر شتی دیکە. ئەوروپایی لە دیدی بەرژەوەندی خۆیانەوە دەنۆڕنە تەواوی خەڵکانی ئەو جیهانە. کە یەکێک لەو دەسەلاتدارانەی ڕۆژهەلات لە خزمەتیاندا بێت و قازانج بە بەرژەوەندی وان بگەیەنێت، کە لە زۆرینەی حاڵیشدا هەر وایە، ئەوا ئەو دەسەلاتدارە



www.kurdistannet.org

مرۆڤێکی باشه، سەرکۆمارە، وەلی ئەمرە و. . . خەڵکی وڵاتەکەی ئەگەر گازندەیەکیشیان لێی هەبێت، ئەوا ئەوان هەڵەن و جەنابی دەسەڵاتدار ڕاستە. لە هەموو ئەو جیهانە پان و بەرینەدا چەند سەردار و دەسەڵاتدارێک دژی بەرژەوەندی ڕۆژاوا خوێندوویانە، غاندی، کاسترۆ، لۆمۆمبا، ئەللیندی و ئیمام خومەینی، مرۆڤ دەبینێت کە چییان بەسەر هێنراوە! بەڵام سەرانی دیکەی وەک حوسنی موبارەک، شاحوسەین، شایەکانی سعوودییە، پینۆشێت، یەلتسین و. . . دەبینین کە ئەوانیش چۆن هەر ملیان ئەستوور دەبێت و وەک منداڵگەلێکی نازداری خۆی ڕۆژاوا بەخێویان دەکات.

2. مامۆستا یەحیا دەڵێ کە ئەوەندەی ئەو موتابەعەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژاوایی کردووە، موهاتەراتی تێدا نەبینیوە. من نازانم مامۆستا یەحیا بە چەند زمانی ڕۆژاوایی دەخوێنێتەوە، بەڵام حەز دەکەم ئەوە بزانێت، کە ئەوەی ئەو دەیڵێت لە ڕاستییەوە دوورە و، کە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا، کاتێک باسی سەددام دەکەن، دەنووسن "دیکتاتۆر، خوێنڕێژ، قەسسابی بەغدا و. . . "، دیارە لەم سوێدە گچکەیەی ئێمەشدا هەر بەو جۆرە نێوی سەددام دەبەن و دەنووسن، بەڵام کە سەددام لە جەنگدا بوو دژی کورد و ئێران، هەرگیز وای پێ نەدەگوترا، چونکە ئەودەمی بە قازانجی ڕۆژاوا کاری دەکرد.

3. ئەگەر بوونی عیراق وەک ئەندامی نەتەوە - دەوڵەتە- یەکگرتووەکان ببێتە بیانوو بۆ ئەوەی کە سەددام سەرۆک کۆماری عیراقە و عیراقیش ئەندامی دەوڵەتە یەکگرتووەکانە، خۆ "میلۆشۆڤیچ"یش سەرۆکی یۆگوسلاڤیا بوو و یۆگوسلاڤیاش ئەندامی دەوڵەتەیەکگرتووەکان بوو، کەچی نەک هەر قسەی ناشیرینی پێ دەڵێن، بەڵکە گیرا و درایە دادگەی لاهای. قسە نەگوتن بە دەسەڵاتدار و بەرپرس و سەرداران، ڕەنگە لە وڵاتانی ئێمەدا بنەمایەکی ئایینی هەبێت، کە پتر، لەکن ئیسلامی سوننە پێڕەو دەکرێت و سەرچاوەکەیشی، ئایەتی"وأطيعوا الله والرسول وأولي الأمر منكم"ە. ئەمەش وەک مەلایان و وەعزدەرانی دەسەڵات (وعاظ السلاطين) لێکی دەدەنەوە، تەنێ بۆ کەویکردنی مرۆڤی بێدەسەڵات و ژێردەستەیە و بۆ مراندنی گیانی شۆڕشگێڕی و بەرەنگاربوونەوە و ڕابوونە، دەنا بەرپرس و دەسەڵاتداری دز و داوێن و پاشەڵپیس و خراپ و چەوسێنەر و خوێنڕێژ و ناڕاست و درۆزن و ناداد و. . . دەبێ نەک هەر بە خراپە نێو ببرێ، بەڵکە دەبێ بدرێ بە دەمیدا و شار وەدەریش بکرێت. جارێکی لە خزمەتی باوکمدا چووینە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس لە بەغدا. مەلایەکی خەڵکی دەوروبەری هەڵەبجەیش لەوێ بوو. مەلای هەڵەبجەیی هەر باسی موعاویە (معاوية بن أبي سفيان) ی دەکرد، دەیگوت:"عليه السلام"، باوکیشم گوتی:"معاوية عليه اللعنة"، چۆن بە کابرایەکی خوێنڕێژی داوێنپیسی وا دەگوترێ" عليه السلام "، ئیدی مەلای هەڵەبجەیی بێدەنگ بوو و متەقی لێوە نەهات. ڕادیۆی عیراقی ئازاد، ئاراستەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێ، هەر بۆیە دەیانەوێ خەڵک فێرە ملشۆڕی و دەستەمۆیی بکەن.

4. مامۆستا یەحیا، هەر بۆ خۆی دەڵێ: "لە ڕووی ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و حیزب و ڕەوتە سیاسیەکان و کەمو کورتیەکان ڕۆژنامەکان دەبێ تەواو ئازاد بن و ڕێگایان پێ بدرێ". دەی خۆ سەددام حوسەینیش هەر دەسەڵاتە و هەر حیزبە و هەر ڕەوتی سیاسییە و پریشە لە کەموکورتی و هەزارویەک خراپە و سەگ و سەگبابیی، ئیدی بۆ نێوی بە خراپە نەبرێ!

5. ئەگەر بە سەددام حوسەین، هیتلەر، مۆسۆلینی، ستالین، فرانکۆ، پینۆشێ و. . . نەگوترێ، دیکتاتۆر و مرۆڤکوژ و چەوسێنەر و خراپەکار و بە لۆمۆمبا و گیڤارا و هۆشی مینە و بارزانی و کاسترۆ و خومەینی و. . . نەگوترێ شۆڕشگێڕ و وەڵاتپارێز، ئەی دەبێ چییان پێ بگوترێ؟ تۆ بڵێی جێگۆڕکێ بە سیفەتەکان، چارەسەر بێت بۆ کێشەکە؟

6. باسکردن و ناوهێنانی سەددام حوسەین بە ڕێزەوە، وەک مامۆستا یەحیا داوای دەکات، یا لە ترس و خۆ بە ئاستی وی نەزانینەوەیە یا خۆ بەکەمزانینە بەرانبەر وی، یا ڕەنگە ئێستاش مامۆستا یەحیایان، چاویان لە ڕێی گەڕانەوەی بەعس بێت بۆ کوردستان و بەتەما بن خێروبێریان بەسەردا، بارانی بەهار ئاسا، دابارێت و هەندەک پلە و پایە و خەلاتیان بۆ دابین بکرێت و بە دیداری دەسەلاتدارانی بەغدا شاد بنەوە!. جارێکی لەگەل "مامۆستایەک"دا، کە لە سوێد دەژی، باسی زەلامێکی کوردمان دەکرد، لەوانەی کە سەروسەودایان لەگەل ئەدەب و نووسیندا هەیە. منیش گوتم:"بەخوا هیچی پێ نییە و عەقلم نایگرێ". مامۆستا زۆر پەست و تووڕە بوو و زۆری پێ ناخۆش بوو و گوتی:"چۆن دەتوانی وا بلێی، ئەو نووسەرە، خۆ تۆ نووسەر نیت؟". گوتم:"مامۆستا ڕاستە من نووسەر نیم، وەلێ من جاروبار دەخوێنمەوە و وەک خوێنەرێک بۆم هەیە بۆچوونی خۆم لەمەڕ نووسینی نووسەرێکەوە، کە دەیخوێنمەوە هەبێت، ئەمە یەک، دووەم بۆ ئەگەر کەسێک نووسەر نەبێت ناتوانێت باسی نووسەرێک بکات و ڕەخنەی لێی هەبێت، جا ئەگەر وا بێت خۆ ئێمە کەسمان سەرۆک کۆمار نین، دەی چۆن بە سەددام حوسەین دەلێین دیکتاتۆر و بە پینۆشێ دەلێین مرۆڤکوژ؟. من پێم وایە مرۆڤ دەتوانێت بیروڕا و بۆچوون و دیتنی تایبەتی خۆی، لە بارەی هەموو کەس و هەموو شتێکەوە هەبێت، لە ئاستی ئەو کەس و شتانەدا بێت یا نەبێت".

مامۆستا عەبدولغەنی عەلی یەحیا، ناوێکی ناسراوە لە بواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا و سالانێکە بەو کارەوە خەریکە. ئەوەی کە جێی داخە ئەوەیە، کە مامۆستا یەحیا تا ئێستاش نەیتوانیوە خۆی لەسەر بیروباوەڕێک یا هێلێکی هزریی یا بەلای ئایدیۆلۆژیایەکدا، خۆی ساغ بکاتەوە. دیارە ئەوەش چ عەیبێکی تێدا نییە، وەلێ عەیب ئەوەیە کە مرۆڤ لە پێناوی بەرژەوەندیێکی تەسکی خۆژیاندن و خۆبردنەپێشەوە و. . . خۆ بچووک بکاتەوە و ملشۆڕ و دەست لەسەرسینگ لەبەردەم دەسەلاتدا –هەر دەسەلاتێک- بێت بوەستێ. لە زەمانی حوکوومەتدا و دوای هەرەسی شۆڕشی 1975و گەڕانەوەی بۆ شار، مامۆستا یەحیاش وەک زۆرینەی ئەو گەڕاو"عائدون"انە، خۆی کرد بە نێو دامودەسگەکانی بەعسدا. بێجگەی لەوەی کە کارمەندی پەروەردە بوو، لە بەڕێوەبەرایەتی فەرهەنگی جەماوەری"مديرية الثقافة الجماهيرية" هەولێریش کاری دەکرد، لە سەردەمێکدا کە "حەمید مەرمەڕچی" بەڕێوەبەری بوو. ئەو دەمە مامۆستا یەحیا بەعسی بوو. دۆستێکم بۆی گێڕامەوە، کە مامۆستا یەحیا لە سالی 1976دا و لە هەولێر، داوای لێ کردووە، ببێتە بەعسی و پێیشی گوتووە، کە باشە ئەگەر ببیتێ و ئیدی تووشی سەرێشە نابیت و خۆت دەپارێزی و کاریشت دەڕوات! هەر ئەو دەمە مامۆستا یەحیا، لەگەل حیزبی کۆمۆنیست و گۆڤاری فەرهەنگ "الثقافة"کەی سەفا الحافز"صفاٍ الحافظ" و حیزبەکەی شێخ سەتتار و چەندینی دیکەشدا پێوەندی هەبووە. ئێستاش ئەو ڕادیۆیەی کە ئەو کاری تێدا دەکات و بە نێوی"ئەحمەد سەعیدە"وە پەیامنێریانە"اذاعة العراق الحر"، ڕادیۆیەکە سەر بە دەسگای جاسووسی ئەمەریکایە و ئەوان دایان ناوە. ئەگەر کەسێکیش پێوەندی بەو دەسگایانەوە نەبێت، لەو جۆرە ڕادیۆیانەدا کاری پێ نادرێت. نموونەی ئەوانەی لەوێ کار دەکەن، سامی شۆڕش، کامران قەرەداغی، مستەفا سالح کەریم (کە ئەویش بە نێوی "سەعد عەبدولقادر"ەوە پەیامنێری سلێمانی ئەو ڕادیۆیەیە) و مامۆستا یەحیایە. ڕەنگە شۆڕش و قەرەداغی پێویستیان بە دانەناساندن نەبێت، هەرچی مستەفا سالح کەریمیشە، نەک هەر کەونە بەعسی بووە، بەلکە وەک دەگێڕنەوە، مێزی ڕازاوە و شەوانی سووری، بۆ بەرپرسانی بەعس سازاندووە و ڕێکخستووە و هەموو جۆرە چالاکییەکی نا نیشتمانیی و نانەتەوەیی و نائەخلاقییانەی دیکەیشی کردووە.

ئێستاش لە سەردەمی دەسەلاتی کوردیدا، مامۆستا یەحیا لە "الاٍتحاد"ی یەکێتی نیشتمانی و "خەبات"ی پارتیی و بلاوکراوەی "پ. ک"دا کاری کردووە. مامۆستا یەحیا بەو پاشخانەیەوە - ئەو و زۆرێک لەوانەی، کە ئەوڕۆ لە هەستەوەرترین و گرنگترین دەسگاکانی حوکوومەتەکانی کوردستاندا کار دەکەن- کە هەیەتی،

ناتوانێت سەددام حوسەین، بە سەرۆکی عیراق و خۆی نەزانێت. ئەوە تەنێ مامۆستا یەحیا نییە وا بیر دەکاتەوە، بەڵکە خەڵکانێکی زۆر لە سەرەوە لە دەسەلاتە کوردییەکانیشدا وا بیر دەکەنەوە. دەڵێن ئێزدییەکان ئەگەر بازنەیەک بە دەوری خۆیاندا بکێشن و بچنە ناوییەوە، ئیدی ناتوانن لێی بێنە دەرێ و بیبەزێنن، چونکە ئەوە پێوەندی بە بەسەرهاتێکی "شێخ ئادی"یەوە هەیە. مامۆستا یەحیا و مانەندانی وی ناتوانن لەو بازنەیەی بەعس و دەسەلات بێنە دەرێ و خۆ قورتارکەن. ئەورۆ بەشێکی زۆری سکرتێران و ڕاوێژکاران و بەرپرسانی بەرزی کارگێڕییە کوردییەکان نەک مانەندی مامۆستا یەحیا - کە ئەگەر بەعسییش بووبێت، بەعسییەکی فەقیرۆکە و دەستوپێسپی بووە- بەڵکە لە نەڕەبەعسییە زل و دەعبا مرۆڤخۆرەکان بوونە، کە هەنووکە نەک هەر قسەیان قانوونە و دەڕوا، بەڵکە پارێزگریشیان لێ دەکرێ و مۆری وەلاتپارێزی و کوردایەتی لەکن وانە و ئەوان بە سەر خەڵکیدا دەبەشنەوە.

2002-10-7

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچوونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.